نێچیرڤان بارزانی و ڕەئیسی، جەخت لە بڕەودان بە پەیوەندییەکان دەکەنەوە

بەیانیی ئەمڕۆ دووشەممە 2024/5/6 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە تاران لەگەڵ ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆبووەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم بڵاویکردەوە:-لە کۆبوونەوەکەدا هەریەک ل جێگرانی سەرۆك و وەزیری ناوخۆ و شاندێکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، هەردوولا جەختیان لە بڕەودان بە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دراوسێیەتیی باش و بەرژەوەندیی هاوبەش و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوگەڵی بازرگانی و پەیوەندیی ئابووری کردەوە، هەروەها ستایشی پەیوەندیی دێرین و مێژوویی نێوان کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستانیان کرد.

سەرۆك ڕەئیسی سوپاس و پێزانینی کۆماری ئیسلامی بە هەرێمی کوردستان دەربڕی بە ئەو هاریکارییەی پێشکەش بە زیارەتکارانی ئێرانی بە مەزارگە پیرۆزەکان لە باشووری عێراق دەکات لە کاتی تێپەڕبوونیان بە هەرێمی کوردستاندا. لای خێیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی

کوردستانیش سوپاسی پشتگیری و هاریکاریی ئێرانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کرد.

لەو تەوەرەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا داکۆکییان لە پێویستی و گرنگیی بەردەوامیی هەماهەنگی و هاریکاریی هاوبەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە.